**ليدز هۆمز**

# ڕێنمایی لەسەر بەکرێدان لەسەر بنەمای هەڵبژاردە

# لیدز هۆمز چییه؟

لیدز هۆمه ڕێگەیەکە بۆ خەڵک بۆ دەستگەیشتن بە خانووی هەرزان لە لیدز.

## کرێدان لەسەر بنەمای هەڵبژاردە چییە؟

ئەمە بیرۆکەیەکە بۆ پێشکەشکردنی هەڵبژاردەی زیاتری جۆری ئەو خانوو و ناوچانەی کە دەخوازن لێی بژین.

## چۆن ئیش دەکات؟

خانووی فەراهەم هەفتانە ڕیکلامی بۆ دەکرێت

لە گۆڤاری لیدز هۆمزدا و لەسەر

ماڵپەڕی لیدز هۆمز

www.leedshomes.org.uk

بەکاربەر دەتوانێت زیادکردن بۆ 3 خانوو بکات لە هەفتەیەکدا

## دوای ئەوە چی بکەم؟

لەوە ئاسانتر نابێت بۆ ئەنجامدانی زیادکردن بەهەبوونی 4 هەڵبژاردەی جیاواز.

## تەلەفۆن بکە بۆ

01132476313

**بۆ ئەنجامدانی زیادکردن بە تەلەفۆن، تەنها:**

- **تەلەفۆنمان بۆ بەژمارەی** 01132476313
- **داوای ژمارەی ئەندامێتیت لێدەکرێت.**
- **پاشان داوای ژمارەی ڕفرێنسی** 3 **خانووت لێ دەکرێت**

**یان**

**کرتە بکە لەسەر** www.leedshomes.org.uk

**بۆ ئەنجامدانی زیادکردن لەسەر ئەنتەرنێت، تەنها:**

- سەربدە لە www.leedshomes.org.uk
- بچۆرە ناوەوە لەڕیگای بەکارهێنانی ژمارەی ئەندامێتی و بەرواری لەدایکبوونتەوە.
- ڕەچاوی ڕێنماییە ئاسانەکەی سەر ئەنتەرنێت بکە.

## کورتەنامەی مۆبایل بنێرە بۆ

## بۆ ئەنجامدانی زیادکردن بە کورتەنامە، تەنها:

- ڕەچاوی ئەم نموونەیەی خوارەوە بکە

| ژمارەی ئەندامێتی | بەرواری لەدایکبوون | هەڵبژاردەی یەکەمت | هەڵبژاردەی دووەمت | هەڵبژاردەی سێیەمت |
| --- | --- | --- | --- | --- |

**نامە بنووسە** cb#123456#01051972#30123#30456#30789# **بینێرە بۆ** 06066

- cb# بنووسە پاشان ژمارەی ئەندامێتی#بەرواری لەدایکبوون#و ڕفرێنسی خانووی یەکەم#پاشان تا دوو ڕیفرێنسی تری خانوو لەگەڵ نووسینی # پاش هەر یەکێک
- ئەگەر بۆشایت بەجێهێشت لەپاش ژمارەکان، زیادکردنەکەت تۆمار ناکرێت.

**یان**

04

**بچۆ بۆ**

## هەر نووسینگەیەکی خانووبەرەی ناوچەیی یان وەن ستۆپ سێنتەر و فۆرمی زیادکردن پڕبکەرەوە.

**دەبێت بۆ ماوەی چەند زیادکردن ئەنجام بدەم؟**

بازنەی زیادکردن لە بەیانی چوارشەممەوە کاتژمێر 8:30 دەستپێدەکات و لە 5ی ئێوارەی دووشەممەی دواتردا کۆتایی دێت.

یەکەم یان دوا کەس بیت کە زیادکردن ئەنجام دەدەیت گرنگ نییە (مەگەر خانووەکە لەسەر بنەمای یەکەم هات یەکەم وەریگرت ڕیکلامی بۆ کرابێت). کاتێک کە کاتی دیاریکراو تەواو بوو داواکاری خاوەن زۆرترین پێداویستی کە پێداویستیەکەیان ماوەی درێژترینە خانووەکەی پێشکەش دەکرێت. مەگەر خانووەکە لەسەر بنەمای یەکەم هات یەکەم وەریگرت بدرێت.

**ئایا پێویستە هەفتەی بۆ 3 خانوو زیادکردن ئەنجام بدەم؟**

نەخێر. تەنها زیادکردن بۆ خانووی گونجاو ئەنجام بدە. ئەگەر خانووی گونجاو نەبوو ئەوا پێویست ناکات زیادکردن ئەنجام بدەیت.

**زیادکردنی دروست چییە؟**

پێویستە زیادکردن تەنها بۆ ئەو خانووانە ئەنجام بدەیت کە مەرجەکانی تۆ دەگرێتەوە. پێویستە سەیر بکەیت و بزانیت خانووەکە بۆ کێ شیاوە لە ڕیکلامەکەدا.

بۆ نموونە خانووی پەناگە بۆ ئەو کەسانەیە کە تەمەنیان لەسەروو 60 ساڵەوەیە و پێویستان بە خانووی پەناگە هەیە. خانوویەکی 3 ژووری نووستن گونجاو نییە بۆ کەسێکی سەڵت و خێزانێکی 4 ئەندامی ناتوانن لە شوقەیەکی 1 ژووری نووستندا بژین.

کاتێک تۆ پشتڕاستکردنەوە وەردەگریت لەسەر ئەندامێتیت پێت دەڵێین کە کام جۆر لە خانوو بۆ تۆ گونجاوە. ئەگەر زیادکردن ئەنجام بدەیت بۆ خانووی گەورەتر یان بچووکتر لە پێویست سەرکەوتوو نابیت.

**زیادکردنەکانم بەردوام سەرنەکەوتوو دەبن.**

**ئایا بەردەوام بوونم سوودی هەیە؟**

بەڵێ. سەرکەوتنی زیادکردنی تۆ دەوەستێتە سەر ئەوەی کێی تر زیادکردنی بۆ خانووەکە ئەنجام داوە. لەکام باندی پێشەوەدایت و ماوەی چەند پێشخراون هەبووە.

هەتا باندی پێداویستی خانووەکەت نزمتر بێت درێژتر دەخایەنێت بۆئەوەی خانوو وەربگریت.

هەتا زیاتر ئاسانکاری بکەیت لە هەڵبژاردنی ئەو ناوچەیەی دەخوازیت لێی بژیت و زیادکردن بۆ خانووی زیاتر ئەنجام بدەیت، ئەگەری سەرکەوتنت زیاتر دەبێت.

**خانووی یەکەم هات یەکەم وەریگرت چییە؟**

خانووی یەکەم هات یەکەم وەریگرت پێشتر ریکلامیان بۆ کراوە و زیادکەری گونجاو نەبووە لە خوولی یەکەمدا.

خانووەکە دەدرێت بە یەکەم کەس کە زیادکردنێکی دروست تۆمار بکات.

**چۆن بزانم کە سەرکەوتوو بووم؟**

زیادکەری سەرکەوتوو لەلایە خاوەن خانووەکەوە کە ڕیکلامی کردوە پەیوەندی پێوە دەکرێت. پاشان داوای لێدەکرێت خانووەکە ببینێت.

بەداخەوە ئێمە ناتوانین پەیوەندی بکەین بە زیادکەری سەرەکییەوە.

ئێمە زانیاری بڵاودەکەینەوە کە ژمارەی ئەو ئەندامانە دەدەین کە زیادکردنیان ئەنجام داوە بۆ خانوویەکی دیاریکراو، گروپی پێداویستییان بە خانوو و ماوەی ئەندامێتییان.

ئەم زانیارییانە یارمەتیت دەدەن بۆ بڕیاردان بۆ زیادکردن لە داهاتوودا.

**ئایا دەتوانم زوو بگوێزمەوە؟**

مەرج نییە. بەڵام بەکرێدان لەسەر بنەمای هەڵبژاردە زیاتر ڕوونی کردۆتەوە کە چەند خانوو فەراهەمن و کام ناوچە کاتی چاوەڕوانی کەمتری دەوێت. دەتوانیت کە هەڵبژاردەی زانایانەتر بکەیت، بۆئەوەی چاوەڕوانی ئەو ناوچەیە بکەیت کە زۆرت بەدڵە یان بڕیاربدەیت لەسەر ناوچەیەکی دیکە کە کاتی چاوەڕوانی کەمترە، یان بەدوای هەڵبژاردەی خانووی دیکەدا بگەڕێیت.

## چۆن لە دادوەری دڵنیا دەبین؟

ئێمە داواکار هەڵدەسەنگێنین بەپێی هەلومەرجیان و پێداویستیان چەند زۆرە بۆ خانوو.

باندی پێشەوەت پێدەدرێت کە ڕەنگدانەوەی پێداویستی ئێستاتە بۆ خانوو. ئەو فاکتەرانەی ئێمە لەبەرچاویان دەگرین ئەمانە لەخۆدەگرن، قەبارەی خێزان، ئایا خانووەکەی ئێستا زۆر قەرەباڵغە یان خەڵکی کەمی تێدایە یان ئایا هیچ مەسەلەیەکی تەندروستی یان سەلامەتی هەیە.

## من لە کام باند دەبم؟

3 باند هەیە

### پێشخستنێکی زیادە

**ئەو بەکاربەرانەی کە:**

- بێلانەن و بەپێی یاسا پێداویستی یەکەمیان هەیە.
- پێداویستییەکی تەندروستی بەپەلەیان هەیە، ئەو بەکاربەرانەی کە تەنها یەک ژووریان هەیە و خانووەکەیان گونجاو نییە بۆ گۆڕانکاری پێویست.
- لە خانوویەک دەژی کە شیاو نییە بۆ ژیان، بۆ نموونە، ئەگەر خانووەکەیان هەڵسەنگاندنی بۆ کرابێت وەک خانووەیەکی نەشیاو بۆ نیشتەجێبوون یان ئەوانەی کە کرێچی شارەوانین و لەناوچەی پاککردنەوەدا دەژین.
- هەر پێداویستیەکی بەپەلەی دیکەی هەبێت، بۆ نموونە ئەو بەکاربەرانەی کە بەپێی یاسا بێلانە نین بەڵام هۆکاری گرنگیان هەیە بۆ گواستنەوە.

### پێشخستن

**ئەو بەکاربەرانەی کە:**

- بێلانەن بەڵام شارەوانییەکانیان ئەرکی یاسایی لەسەر نییە بۆ پێشکەشکردنی نیشتەجێبوونی هەمیشەیی.
- پێداویستی بۆ گواستنەوە لەسەر بنەمای پێداویستی تەندروستی.
- لە خانوویەکدا دەژی کە لە هەموولەرجێکی باشدا نییە، قەرەباڵغە یان ڕێوشوێنی نییە.
- پێداویستی دیکەی هەیە وەک پێداویستی بۆ گواستنەوە بۆ یارمەتیدانی ئەندامێکی خێزان.

### پێداویستی گشتی

هەموو ئەوانەی کە باندی پێشەوەیان نییە یان پەیوەندییەکی ناوچەییان نییە بە لیدز ەوە، دەکەونە بەشی باندی پێداویستی گشتییەوە. دەکرێت پەیوەندی ناوچەییت هەبێت لەگەڵ لیدزدا لەڕێگای نیشتەجێبوون، کار، یان بەهۆی ئەوەی کە ئەندامی نزیکی خێزانەکەت لە لیدز دەژی.

**ئەگەر پێشنەخرابم ماوەی چەند دەمێنێتەوە؟**

پێشخستنەکەت بۆ ماوەی 120 رۆژ دەمێنێتەوە.

ئایا دەزانم کەی پێشخستنەکەم کۆتایی دێت؟

نامە دەنووسین بۆ ئاگادارکردنەوەی بەکاربەران لە تەواوبوونی پێشخستنەکەیان.

**ئایا بەخشینی پێشخستنی من دەکرێت درێژبکرێتەوە؟**

بەڵێ. دەتوانیت داوای درێژکردنەوە بکەیت لەڕێگای پەیوەندیکردنەوە بە نووسینگەی خانووبەرەی ناوچەکەت کە لەوێ فۆرمی ئەندامێتیت هەڵدەگیرێت، بەڵام ئەمە نابێت لە ماوەی 90 ڕۆژی یەکەمی بەخشینی پێشخستن. هەموو داواکارییەکی درێژکردنەوە بەپێی تاکەکەس بڕیاری لەسەر دەدرێت.

**چی بکەم ئەگەر هەستم کرد کە بڕیارێکی هەڵە دراوە؟**

دەتوانیت داوای پێداچوونەوە بکەیت ئەگەر دڵخۆش نەبوویت لەگەڵ ئەو بڕیارەدا کە ئێمە داومانە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مافی پێداچوونەوە پەیوەندی بکە بە لیدز هۆمز بەژمارەی 01132476313.

**ئەگەر زانیاری زیاتر دەخوازیت لەسەر سیاسەتیکاری بەکرێدانی لیدز سیتی کاونسڵ دەتوانیت:**

**تەلەفۆنمان بۆ بکەیت بە:** 01132476313

**مینیکۆم:** 08451271113

**ئیمەڵمان بۆ بنێرە:** leeds.homes@leeds.gov.uk

**نامەمان بۆ بنێرە بۆ:**

Leeds Homes Team, Environment and Neighbourhoods,

Merrion House, 5$^{th}$Floor West, Merrion Centre, Leeds LS2 8BB